# ئامراز و شێوازەکانی لاوازکردنی نەیارانی دەسەڵات لە نێو دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی و عەبباسیدا(٤١-٢٣٢ک/٦٦١-٨٤٧ز)

توێژینەوەیەکی هەڵێنجراو(ماستر)[1]

پ.د.صلاح کابنی اسماعیل[1]، م.ی.هیوا محمود احمد[2] , پ.ی.د.بەختیار عبدالله کریم[3]

بەشی مێژوو/کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی[1,2,3]

salah.ismail@univsul.edu.iq[1] , hiwa.mithed.@univsul.edu.iq[2], Bakhtyar.karim@univsul.edu.iq[3]

**نووسەری پەیوەندیکار:** پ.د.صلاح کابنی اسماعیل*

---

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە وردی لەو میکانیزم و ئامرازە جۆراوجۆرانە دەکۆڵێتەوە کە دەسەڵاتدارانی ئومەوی و عەبباسی لە ماوەی فەرمانڕەواییاندا بۆ بەرەنگاربوونەوە و لاوازکردنی ڕەوتە سیاسی و دژبەرە ئایینییەکانی وەک خەواریج و شیعە و بزوتنەوە و کەسایەتییە دژبەرەکانی دەسەڵات، بەکاریانهێناوە. شایانی باسە، ئەم دوو دەوڵەتە بەهۆی شێوازی گرتنەدەستی دەسەڵات و کێشەی ڕەوایەتییەوە، پەنایان بۆ کۆمەڵێک ئامرازی نەرم و ڕەق بردووە کە زۆرجار لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا یەکیان نەگرتووەتەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا؛ جەخت لەسەر ئامرازە نەرم و ڕەقانە کراوەتەوە کە دەوڵەتی ئومەوی بەکاریهێناوە و، خۆیان لە بەکارهێنانی پڕوپاگەندەی ئایینی، هۆنراوەی سیاسی، وتاری ئایینی و بەکارهێنانی دوانگەی مزگەوتەکان و تانەدان لە کەسایەتیی نەیاران دەبیننەوە، بە ئامانجی شێواندنی وێنەی ڕاستەقینەی دژبەران و دابڕاندنیان لە کۆمەڵگە، هەروەها ستراتیژی پەرتکە و زاڵبە و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان وەک پاشگەزبوونەوە لە پێدانی دڵنیایی(الآمان) و داڵدەدان، بەشێکی سەرەکی بوون لە پیلانی لاوازکردنی یەکڕیزیی نەیاران. لە تەوەرەی دووەمدا، توێژینەوەکە تیشک دەخاتەسەر ئەو ئامرازە ڕەق و نەرمانەی کە دەوڵەتی عەبباسی لە دژی نەیاران بەکاریهێناوە، لەم سەردەمەدا ئەو شێوازنە پەرەی زیاتریان پێدرا و ئامرازی نوێی وەک ژەهرخواردکردنی نهێنی و سووتاندنی نەیارانی تێدا پەیڕەوکرا. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەیسەلمێنن کە هەردوو دەوڵەت بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیان خستووەتە سەروو بەها ئەخلاقییەکان و بەئایینیکردنی ناکۆکییە سیاسییەکانیان وەک پاساوێک بۆ سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ناڕازی بەکارهێناوە، کە ئەمەش درزێکی گەورەی لە نێوان دەسەڵات و هاوولاتیاندا دروست کردووە.

**وشە کلیلییەکان:** خیلافەتی ئومەوی و عەبباسی، ڕەوایەتیی سیاسی، نەیارانی سیاسی، پڕوپاگەندەی ئایینی، پاکتاوی جەستەیی

---

## 1.پێشەکی

دوابەدوای کۆتایهاتنی خیلافەتی ڕاشیدین و هاتنی هەر یەک لە خیلافەتی ئومەوی و عەبباسی، بەپێیەی هەردوو دەوڵەتەکە، بەشێوازێکی دروست و ڕەوا و لەڕێگەی شوراوە دەسەڵاتیان نەگرتووەتەدەست، بەڵکو هاتنە سەر دەسەڵاتیان بەهۆی هەلومەرج و ڕەوشێکی نامۆ و جیاوازەوە بووە، هەر بۆیە سروشتی خۆسەپاندن و بەبۆماوەییکردنی دەسەڵات دەبێتە مۆرک و تایبەتمەندییەکی سەرەکیان، ئەمەش وایکردبوو هەر لە سەرەتاوە، ژمارەیەک نەیار و ڕەوتی سیاسی و ئایینیی دژبەر لە مەیدانی سیاسیدا لەسەر گرتنەدەستی دەسەڵات، دژایەتیی خۆیان بۆ هەردوو دەوڵەتەکە دەرببڕن و دان بە ڕەوایەتیی دەسەڵاتەکانیاندا نەنێن؛ لەبەرامبەردا، کاربەدەستانی ئومەوی و عەبباسی چەندین ڕێگا و شێواز وئامرازی جۆراوجۆریان لەدژی نەیارەکانیان بەکاردەهێنا، زۆرێک لەو میاکانیزمانە دژی ئەو ڕێسا و بنەمایانەبوون کە ئایینی ئیسلام بۆ فەرمانڕەوایی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە دایڕشتوون؛ لەکاتێکدا ئەو میکانیزم و شێوازانەی دەسەڵاتداران پەیڕەویان دەکرد، بەمەبەستی بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئایینیی خۆیان و ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتەکەیان بووە، سەرباری خستنەڕووی ناڕەوایی نەیارەکانیان و شێواندنی وێنەی ڕاستەقینەیان و پاکتاوکردنی جەستەییان، هەروەک لەم مەیانەیەدا تەنها ئامرازی ڕەق(سەربازی) بۆ لەناوبردنی نەیاران بەکارنەهێنراوە، بەڵکو پەنابراوەتە بەر ئامرازگەلە نەرمەکانی وەک (پڕوپاگەندەی ڕاگەیاند، هۆنراوە و داشۆرینی سیاسی...هتد) .

## 2.میتۆدی توێژینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بە میتۆدی (مێژوویی-شیکاری) دەبەستێت، تێیدا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان و ژێدەرە زانستییەکان، تەنها ڕووداوەکان ناگێڕێتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی خستنەڕوو و شیکردنەوە بۆ ئەو ستراتیژ و تاکتیک و میکانیزمە جیاوازانە دەکات کە دەسەڵاتی

ئومەوی و عەبباسی بۆ لاوازکردنی نەیارەکانیان، پەیرەوی کردووە .

**3.گرنگیی توێژینەوە:**

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تیشک دەخاتە سەر لایەنە جیاوازەکانی ململانێی سیاسی لە مێژووی ئیسلامیدا. گرنگییەکەی لەوەدا چڕ دەبێتەوە چۆن هێز و دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت ئامرازی جۆراوجۆر (نەرم، ڕەق) بۆ پاراستن و مانەوەی دەسەڵات بەکاربهێنێت، ئەمەش تێگەیشتنێکی قووڵترمان سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ڕەوایەتیی سیاسی و توندوتیژیی دەوڵەت لە سەردەمی ئومەوی و عەبباسیدا، پێدەبەخشێت.

**4.پرسیاری توێژینەوە:**

توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە جەوهەرییە بداتەوە: ئەو میکانیزم و ستراتیژانە چین کە خیلافەتی ئومەوی و عەبباسی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نەیار و دژبەرە سیاسی و ئایینییەکانیدا، دایانڕشتوون؟ ئایا هەتا چەند ئەم دەسەڵاتانە لە نێوان پاساوی ئایینی و پێویستیی سیاسیدا سنووری بەها ئاکاری و ئیسلامییەکانیان بۆ لەناوبردنی نەیارەکانیان بەزاندووە؟

**5. پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە، بۆ دوو تەوەر دابەشکراوە. تەوەرەی یەکەم: بریتییە لە خستنەڕووی ئامرازە نەرم و ڕەقەکانی(توندوتیژی) بەرەنگاربوونەوەی نەیاران لە دەوڵەتی ئومەویدا؛ تەوەرەی دووەم: ئامرازە نەرم و ڕەقەکانی لێدانی نەیاران لە دەوڵەتی عەبباسیدا، لەخۆدەگرێت.

**تەوەرەی یەکەم: ئامراز و شێوازەکانی لاوازکردنی نەیاران لە دەوڵەتی ئومەویدا(٤١-١٣٢ک)**

**یەکەم: ئامرازە نەرمەکان**

**١- کەرەستەکانی ڕاگەیاندن**

لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئومەوییەوە، پەنابردنەبەر هۆکار و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سەردەمەکە(دوانگەی مزگەوتەکان، هۆنراوەی شاعیران، وتار و پەیامە سیاسییەکان ...هتد)، هەرچەندە ئامرازگەلێکی نەرم و سیاسییانە بوون، بەڵام بۆ لێدان و شێواندنی وێنەی نەیارەکانیانی دەسەڵات کەرەستەیەکی گرنگ و سەرەکی بوون، هەروەک دەسەڵاتداران توانیویانە لەم مەیدانەدا لێهاتوویی و شارەزایی خۆیان بسەلمێنن و هەتا ڕادەیەکی زۆریش لەبەکارهێنان و دەستبەرکردنی ئامانجەکانیاندا سەرکەوتوو بوون، بەتایبەتی لە تۆمەتبارکردنی خەلیفە "علي بن ابي طالب ٣٥-٤٠ک/٦٥٦-٦٦١ز" بە تێوەگلان و کەمتەرخەمیی لە بەرامبەر بکوژانی خەلیفە عوسماندا، هەروەها بەرکارهێنانی وتاربێژ و دوانگەی مزگەوتەکان بۆ تانەدان لە خەلیفە عەلی و نەیارە سیاسییەکانی ئومەوی. (الطبري، ١٩٦٧م، ٦/٥؛ يوسف العش ، ١٩٨٥م، ص ١٠٣).

**٢- بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی (لادان و دەرچوون لە ئیسلام)**

بەو پێیەی ئومەوییەکان خۆیان بە پارێزەی ئایین داناوە و پێیان وا بووە دەسەڵاتداری ڕەوا و ڕاستەقینە و پیادەکاری ئیسلامن، هەربۆیە پەنابردنە بەر پڕوپاگەندە و چەواشەکاریی ئایینیان وەک ڕێگایەکی گرنگ و بە شێوەیەکی لێزانانە بۆ سەرکەوتکردنی نەیارەکانیان بەکارهێناوە، ئەمەش بەمەبەستی شێواندنی کەسایەتی و ناشیرینکردنی ڕووی ڕاستەقینەی دژبەرە سیاسی و ئایینییەکانیان، بۆ نموونە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی "حسين بن علي٤-٦١ک/٦٢٦-٦٨٠ز"دا، حوسێنیان بە لادەر و دەرچوو لە ئیسلام و یاخیبوو لە پێشەوای موسڵمانان، ناوبردووە. (الطبري، ١٩٦٧م، ٤٣٥/٥؛ ابن الاثير، ١٩٩٧م ، ١٧٤/٣؛ ابن كثير، ٢٠١٣م، ٢٥٨/٨).

هەڵمەتی ناشیرینکردن و شێواندنی کەسایەتی، ئەم شێوازە تەنها نەیارانی دەرەوەی بنەماڵەی ئومەوی نەگرتووەتەوە، بەڵکو لەنێو خودی ماڵباتەکەیاندا لەکاتی ململانێ و کێبڕکێیان لەسەر دەسەڵات لە دژی یەکتری بەکاریاندەهێنا، لەم ڕووەوە چەندین نموونە بەدەی دەکرێن، وەک لە ساڵی (٦٤ک/٦٨٤ز)دا دوای مردنی یەزید و دەستبەرداربوونی موعاویەی کوڕی لە خیلافەت، ئەمە وا دەکات لە لایەن نزیکان و خودی دایکییەوە ناوناتۆرەی لێ بنرێت، هەروەها سووکایەتیکردن بە خالیدی کوڕی یەزید کە پەیمانی جێنشینی پێدرابوو، لەلایەن "مروان بن الحكم ٦٤-٦٥ک/٦٨٤-٦٨٥ز"ەوە، بەمەبەستی ناشیرینکردن و دوورخستنەوەی، لەلایەکی ترەوە "يزيد بن الوليد١٢٦ک/٧٤٤ز" بانگەشە و پڕوپاگەندەی زۆری لە دژی خەلیفەی پێش خۆی "الوليد بن يزيد بن عبدالملك ١٢٥-١٢٦ک/٧٤٣-٧٤٤ز" بەرپایکرد، هەتا لەو ڕێگایەوە، پاساو بۆ ڕاپەڕینەکەی خۆی و کوشتنی ناوبراو بهێنێتەوە. (بڕوانە، ابن عبد ربه، ١٤٠٤ه ، ٢٠٧/٥؛ابن كثير، ١٩٩٧م، ٢١٩/١٠-٢٢٠).

ئامرازێکی دیکەی دژایەتیکردنی نەیاران هۆنراوەی سیاسی بووە، بەمەبەستی داشۆرین و ناشیرینکردنی نەیارەکانیان بەکاریانهێناوە، هەر پێر و گرووپێکیش هۆنەر و هۆزانڤانی خۆی هەبووە و هۆنراوەیان لە دژی یەکتری هۆنیوەتەوە و لەم ڕووەوە چەندان شاعیر و نموونەیی شیعری بەردەستن، بۆ نموونە هەجوکردنی نەیارانی ئومەوی لەلایەن شاعیرانی دەربارەوە، لەوانە: جەریر لە دژی "عبدالله بن الزبير ٦٤-٧٣ک/٦٨٣-٦٩٢ز" وتوویەتی: ئەی باوکی خوبەیب(ئیبن زوبەیر)، لادەر و بێباوەڕەکانت لە دەوری خۆت کۆکردەوە و یاخیبوونێکی گەورەت بەرپا کرد؛ دەی ئێستا (دوای ئەوەی شمشێری دەوڵەت تەمبێی کردی) ئایا لەو سەرکێشی و یاخیبوونەت بەئاگاهاتیتەوە عاقڵ بوویت؟ (ديوان جرير، د.ت، ٨٣/١، ١٩٠؛ ابن قتيبة الدينوري، الشعر والشعراء، ١٤٢٣م، ٤٥٩/١).

لە لایەکی دیکەوە، وتارە سیاسییەکان وەک دارەدستێک بۆ لێدان و شێواندنی شکۆ و کەسایەتیی نەیاران بەکارهێنراوە، لەم

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12564]
- **Submission Date:** [11/5/2026], **Revised Date:** [19/5/2026], **Accepted Date:** [15/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ڕووەوە چەندین نموونەی مێژوویی بەردەستن، وەک وتاری "الحجاج بن يوسف الثقفي٧٥- ٩٥ک/٦٩٤-٧١٤ز"ی والی عێراق، دوای کوشتنی"عبدالله بن الزبير" له ساڵی(٧٣ک/٦٩٢ز)دا، کاتێک ڕایگەیاند: عەبدوڵلا نافەرمانیی خودای کردووە، هەربۆیە خودا سزایەکی توندی داوە. (ابن عساكر، ١٩٩٥م، ١٢/١٢٠؛ ابن خلكان ١٩٠٠م، ٢/٤٠).

دەکرێت ئەو گفتوگۆییەی لە نێوان خەلیفەی ئومەوی"هشام بن عبدالملک ١٠٥-١٢٥ک/٧٢٤-٧٤٣ز" و "زيد بن علي بن حسين١٢٢ک/٧٤٠ز"دا ڕوویداوە، وەک جۆرێک لە دید و تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی ئومەوی وێنا بکرێت، کاتێک هیشام تانەی (کوڕی دایک)ی لە زەید داوە؛ بەو واتایەی زەید کەسێکی لاواز و بێدەسەڵاتە و بۆ خەلیفایەتی نابێت، بەو پێیەی نەنکی کەنیزەک بووە و کچی یەزدگوردی سێیەم بووە، بەڵام وەڵامی زەید زۆر لۆژیکییانە و وەقعی بووە و توانوویەتی نەیارەکەی دەمکوت بکات. . (الجاحظ، ١٣٢٤ه ، ١/٢٥٤؛ الطبري، ١٩٦٧ ، ٧/١٦٥؛ ابن عبد ربه ، ١٤٠٤ه، ٤/١١٧).

**٣- پەرتکردن و پێکدادانی نەیاران**

ئومەوییەکان و لە پێش هەموویانەوە خەلیفەی دامەزرێنەر وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ لاوازکردنی نەیارەکانی دەسەڵات پەنای بۆ ئەم ڕێگایە برد، دەیویست بەم سیاسەتە کەلێن و ئاڵۆزی لەنێو نەیاراندا دروست بکات، هەتا جەنگێکی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە، بەجۆرێک کوڕ شەڕی باوی دەکرد و باوکیش لە کوشتنی کوڕەکەی سڵی نەدەکردەوە. (ابن الاثير، ١٩٩٧م ، ٣/١٠ )، یەکێک لە دیارترین نموونەکان دروستبوونی ناکۆکییە لەنێو ماڵباتی "عبدالله بن الزبير"دا، ئەو کاتەی کە لە ساڵی (٧٣ک/٦٩٢ز)دا لە مەککە لەلایەن سوپای ئومەوییەوە گەمارۆدرابوو، کوڕەکانی ناوبراو دەستبەرداری باوکیان بوون و بەجێیان هێشت. (الطبري، ١٩٦٧م، ٦/١٨٨؛ ابن الاثير، ١٩٩٧م، ٥/٣١٤)

بەم شێوەیە پەی بەوە دەبەین، ئومەوییەکان بەشێوەیەکی لێزانانە دوژمنەکانی دەوڵەتیان بەگژ یەکتردا دەکرد، بەم سیاسەتە نەیارەکانیان لاواز و ماندوو و پەرتەوازە دەکرد، بۆ نموونە دەیانتوانی شیعەکانی کوفە و بەسرە و ناوچەکانی تر بکەن بەگژ خەواریجەکانی ناوچەکەدا، هەروەک موعاویە داوای لە "حسن بن علي ٥٠ک/٦٧٠ز" کرد دژی خەوارج بجەنگێت، ئەویش ڕەتیکردەوە، وتی: "ئەگەر بڕیاربێت لە دژی ئەهلی قیبلە بجەنگم، ئەوا بە جەنگ لە دژی تۆ دەستم پێ دەکرد!" (البلاذري،١٩٩٦م، ٥/١٧٠؛ ابن الاثير، ١٩٩٧م، ٣/٩؛ النويري، ١٤٢٣ه،٢٠/٢٧٣).

لەم میانەیەدا کاتێک سوپای شام نەیتوانی بەسەر خەواریجەکانی کوفەدا سەربکەوێت، موعاویە لە ڕێگەی والی عێراق "المغيرة بن شعبة ٤١-٥٠ک/٦٦١-٦٧٠ز"ەوە، بەهۆی بەڵێن و هەڕەشەوە، توانی هۆزەکان لە بەرەنگاربووەیاندا بەکاربهێنێت. (الطبري، ١٩٦٧م، ٥/١٨٥)، ئەوەبوو ئەوانیش هەرچەندە شیعە و نەیاری ئومەوییەکان بوون، بەڵام بەناچاریی بەدەم داواکەی ناوبراوەوە چوون و شکستیان بە خەواریجەکان هێنا و لەم میانەیەدا سەرکردەکەی خەواریجەکان "فروة بن نوفل" لە ساڵی (٤١ک/ ٦٦١ز) لەناوچەی (النخيلة)ی نزیک کووفە، کوژرا. (البلاذري، ١٩٩٦م، ٥/١٧٠؛ ابن الاثير، ١٩٩٧م، ٣/٩- ١١).

لەلایەکی ترەوە بەشێک لەم سیاسەتە لە پیلانی حەجاجدا دوای وتاری دەستبەرکاربوونی بۆ دانیشتووانی بەسرە دەردەکەوێت، کاتێک ڕایدەگەیەنێت هەر کەسێک لە ماوەی سێ ڕۆژدا پەیوەندی بە " المهلب بن ابي صفر ٧٨-٨٢ک/ ٦٩٧-٧٠٢ز"ەوە نەکات بۆ جەنگ لە دژی خەواریجەکان، ئەوا لە گەردنی دەدات. (الطبري، ١٩٦٧م، ٦/٢٠٤).

والییەکانی دیکەش هەمان سیاسەتی چاوترساندنیان بەرامبەر هۆزەکان بەکاردەهێنا و ڕایاندەگەیاند هەر هۆزێک بەهۆی هەبوونی ئەندامێکی نەیارەوە، تێکڕای ئەندامەکانی هۆزەکە ڕووبەڕووی سزای بەکۆمەڵ دەبنەوە. (المبرد، ١٩٩٧م، ٣/١٨٠).

لێرەوە، بۆمان دەردەکەوێت هەڕەشە و ترساندنی سەرۆک هۆزەکان و بەرپرسکردنیان لە گەڕان و ڕووبەڕوونەوەی نەیاراندا، ڕێکارێکی نوێی سیاسی بوو موعاویە هێنایەکایەوە و والییەکانیش شوێنپێیان هەڵگرت، ئەمەش بەهێزبوونی پێگەی سەرۆک هۆزەکان و پشتیوانیکردنی دەمارگیریی هۆزایەتی و لاوازکردنی نەیارەکانی دەسەڵاتی لێکەوتەوە. (حيدر عامر السلطاني، ٢٠٢٢م، ص١٠٣١).

**٤- پەیمانشکێنی و ناپاکیکردن و هەڵکوتانەسەری لەناکاو**

زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی ئومەوی لە پێناوی مانەوەی دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیاندا، سڵیان لە ناپاکی و پەیمانشکێنی نەکردووەتەوە، لەم ڕووەوە "عبدالملک بن مروان ٦٥-٨٦ک/ ٦٨٥-٧٠٥ز" ، دوای هەستا بە کوشتنی "عمرو بن سعيد بن العاص٧٠ک/ ٦٨٩ز" ناسراو بە "ابن الاشدق"، لەکاتێکدا ناوبراو پەیمانی جێنشینی لە دوای عەبدولمەلیکەوە پێدرا بوو، بەڵام خەلیفە لە پەیمانەکەی پاشگەزبووەوە، ئەمەش وایکرد عەمر خۆی وەک خەلیفە بناسێنێت و دەروازەکانی شاری دیمەشق بەڕووی خەلیفەدا دابخات، دوای گەمارۆدانی لەلایەن سوپای خەلیفەوە، ناوبراو داوای پاراستنی کرد، هەرچەندە پەیمانی پاراستنی گیان و ژیانی پێدا، بەڵام لەلایەن خەلیفەوە لەناوبرا. (ابن عبد ربه، ١٤٠٤ه، ٥/١٥٦-١٥٧؛ صلاح طهبوب، ٢٠٠٤م، ص٦٨-٧٠). لەم میانەیەدا و بەپشتبەستن بە پەنادان و پەیمانی دەسەڵاتدارانی ئومەوی، زۆرجار نەیارانی دەسەڵات لە دوژمن دڵنیادەبوون و پشتیان لێ دەکردەوە، بەڵام دەوڵەت پەیمانشکێنی دەکرد و لەناکاو و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پەلاماری دەدان و غافڵگیری دەکردن، بۆ نموونە لەمیانەی جەنگدا بواری ئەنجامدانی نوێژیان بە نەیارەکانیان دەدا، بەڵام لە پڕدا پەلاماریان دەدان و کوشتوبڕیان دەکردن، لە نموونەی کوشتنی خەواریجەکانی شوێنکەوتەی " ابي بلال مرداس ٦١ک/٦٨٠ز" لەلایەن سوپای "عبيدالله بن زياد٣٢-٦٧ک/٦٥٣-٦٨٦ز"ەوە. (البلاذري، ١٩٩٦م، ٥/١٩٢-١٩٣). ئەم ڕەفتارە تەواو پێچەوانەی قورئانی پیرۆزە، هەروەک خودا لە بارەی

پەیمانشکێنییەوە، فەرموویەتی: ﴿ الَّذِينَ عَاهَدتَّ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِي كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لَا يَتَّقُونَ ﴾. (قورئانی پیرۆز، سورەتی: الأنفال، ئایەتی: ٥٦).

**٥- ترساندن وتۆقاندن**

ئومەوییەکان بۆ چاوترساندنی نەیارەکانیان سڵیان لە هیچ ڕێگەیەکی لەناوبردن نەکردووەتەوە، تەنانەت گوێیان بە کوشتنی بێتاوانیش نەدەدا، لە وتاری دەستبەکاربوونی" زیاد بن ابیه ٤٥-٥٣ک/ ٦٦٥-٦٧٣ز "دا لە مزگەوتی کوفە، بە وتاری (البتراء) ناسراوە، بەڕوونی کۆی سیاسەت و چۆنیەتیی ڕامکردنی نەیارەکانی دەوڵەت و گرتنەبەری هەموو ئامرازێک بۆ لێدان لە بەرهەڵستکاران بەدیدەکرێت. (الزبیر بن بکار، ١٩٩٦م، ص١١١؛ ابن قتیبة الدینوري ، ١٤١٨ه، ٢/٢٦٤)، هەروەها خەلیفە عەبدولمەلیک لە سەرەمەرگدا و لە ڕاسپاردنی وەلیدی کوڕیدا کۆی گشتی سیاسەتی ئومەوییەکانی ڕوونکردووەتەوە. (ابو حنیفة الدینوري، ١٩٦٠م، ص٣٢٥؛ ابن الجوزي، ١٩٩٢م، ٢/٢٧٤-٢٧٥).

بەم جۆرە لە پێناوی سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت و شکۆی خەلیفە و بنەماڵەی ئومەویدا ڕەچاوی تاوانبار و بێتاوان، حەڵاڵ و حەرام، ڕەوا و ناڕەوا، نەکراوە و مەبەستەکانی شەریعەت بەهەندوەرنەگیراوە، بەڵکو پەیڕەویی سیاسەتێکیان کردووە لەسەر بنەمای هەموو شتێک ڕەوا و ڕێگە پێدراوە لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتدا.

لەم میانەیەدا، کوشتن و سەربڕین و شێواندنی جەستە و پۆشاکداماڵینی مردوو، وەک ئامرازێکی ترساندن بەکاردەهێنرا، والییەکان بەتایبەتیش(زیاد بن ابیه) هەروەها (عبیدالله)ی کوڕی و حەجاج و ئەوانی دیکە، دەستیان نەدەپاراست؛ کوشتنی (عروة بن أدیة٥٨ک/٦٧٨ز) برای ئەبی بیلال میرداسی خەواریج نموونەیەکی دیار و بەرچاوە، تەنها لەبەرئەوەی لە پێشبڕکێی ئەسپسواریدا گرەوی لە ئیبن زیاد بردەوە، بەوش والی کاردانەوەیەکی زۆر توندی نواند و هەستا بە بڕینەوەی دەست و قاچی. لە بەرامبەردا عوروە، وتی: " بەم کارەت دنیات شێواندم و قیامەتی خۆت خراپکرد". (البلاذري، ١٩٩٦م، ٥/٤١٦؛ الطبري، ١٩٦٧م، ٥/٣١٣). ئەم قسەیە، عوبەیدوڵڵای تەواو پەست و توورە کرد و ناوبراوی کوشت.

سوکایەتیکردن بە جەستە، لەم ڕووەوە نموونەگەلێک زۆری هەن کە دیارترینیان خۆی لە سەربڕین و سووکایەتیکردن بە کەللەسەری هەر یەکە لە حسێنی کوڕی عەلی، موسعەبی کوڕی زوبێر، عەبدوڵای کوڕی زوبێردا دەبینێتەوە، وێڕای ئەوەی کاتێک حەجاج سەری" القطري بن الفجاءة ٧٨ک/٦٩٧ز " بۆ خەلیفە "عبدالملک بن مروان" هێنا، ئەویش سوکایەتیی پێکرد. (خلیفة بن خیاط، ١٣٩٧ه، ص ٢٧٦؛ ابو حنیفة الدینوري، ١٩٦٠م، ص٢٨٠). هەتا پەیامی ئەوە بە خەڵک بدات: دەوڵەتی ئومەوی هێندە ڕقئەستوور و توورەییە لە سەرانی خەواریج، تەنانەت ڕێز لە کوژراوەکانیشیان ناگرێت. (حیدر عامر هاشم السلطاني، ٢٠٢٢م، ص ١٠٢٨). ئەمانە و دەیان نموونەی دیکەی کوشتن و گرتن و ئەشکەنجەدان بەڵگەن لەسەر زۆرداریی دەسەڵاتدارانی ئومەوی و بێبەزییان بەرامبەر نەیارانی دەوڵەت. (صلاح کانبي اسماعیل، ٢٠٠٨م، ص ٨٧-٩١).

**٦- دوورخستنەوەی نەیاران و پەنانەدان و بڕینی بەخشین**

ئەم سیاسەتە زیاتر خۆی لە دوورخستنەوەی سەرانی خەواریج لە ناوچەکانی خۆیانەوە بۆ دەڤەرە دووردەستەکان دەبینێتەوە، هەروەک ئەوەی هۆزی(اشجع) بەهاندانی موعاویە بەرانبەر "فروة بن نوفل" کردیان و توانیان ناوبراو لە کوفە وەدەربنێن، لە لایەکی ترەوە "زیاد بن ابیه" هەمان سیاسەتی دوورخستنەوەی بەرامبەر "الخطیم الباهلي ٦٠ک/٦٨٠ز" پەیڕەوکرد بەوەی لە بەسرەوە بەرەو بەحرەین دووری خستەوە و دواتریش کوشتی، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکردووە.

لەلایەکی ترەوە، بەهەدەردانی خوێن و پابەندنەبوون بە بەڵێن و پارێزبەندییەوە شێوازێکی تر بوو ئومەوییەکان پەیڕەویان دەکرد، هەرچەندە پەنادان و پاراستنی هەڵهاتوو و یاخییان نەریتی عەرەب بووە لە دۆخی جەنگ و ئاشتیدا، بەڵام زیادی والی عێراق ئەم نەریتەی وەلانا و پەنادانی خەواریجەکانی ڕەتکردەوە، مەبەستیش لەگرتنەبەری ئەم سیاسەتە ئەوە بوو؛ هەتا خەڵک بزانن هەر کەس و لایەنێک لە فەرمان و گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوا دەربچن و یاخی بن، نابێت پەنا بدرێن، بەڵکو ڕووبەڕووی سزای کوشتن و لەناوبردن دەبنەوە، هەروەک بەرامبەر "سهم بن خالد الهجیني ٧٥ک/٦٩٥ز" پەیڕەو کرا کاتێک لە ئەهواز ڕاپەڕی، هیچ کەس و هۆزێک ئامادە نەبوو پەنای بدات، هەر بۆیە کوژرا؛ لەلایەکی ترەوە ناوبراو پێدانی بەخشین(العطاء)ی لە خەواریج و هاوسۆزەکانیان و ئەو کەس و لایەنانە بڕی کە ڕووبەڕووی خەواریج نەدەبوونەوە، هەروەک لە وتارێکدا ئەمەی دووپاتکردووەتەوە. (البلاذري، ١٩٩٦م، ٥/١٨٤؛ الطبري، ١٩٦٧م، ٥/٢٣٨؛ ابن الاثیر، ١٩٩٧م، ٣/٦١).

**دووەم: ئامرازە ڕەق و توندەکان**

**١-گرتن و بەندکردن**

گرتن بەندکردن و دەستبەسەرکردن، یەکێک لەو ئامرازە دیارانە بوو دەسەڵاتی ئومەوی دژی نەیارەکانی دەیگرتەبەر، لەم ڕووەوە، لە ویلایەتی(المغیرة بن شعبة) لە کوفە، کاتێک هەست بە جموجۆڵ و چالاکیی "حیان بن ظبیان ٧٧ک/ ٦٩٦ز" سەرکردەی خەواریج کرا، والی توانی خۆی و هاوەڵەکانی لە ماڵەکەیدا دەستبەسەر بکات و بیانخاتە بەندیخانەوە، لێرەوە والی زیاتر دەستکراوە بوو و کەوتە گرتنی خەواریجەکان و ژمارەیەکی زۆری لێ دەستگیرکردن. (ابن الجوزي، ١٩٩٢م، ٥/٢٠١-٢٠٢؛ - ابن الاثیر، ١٩٩٧م ، ٣/٢٧).

لەلایەکی ترەوە، نموونەی گرتن و دوورخستنەوە و دواجار کوشتنی هاوەڵی پەیامبەر(د.خ)، "حجر بن عدي الکندي" لە ساڵی (٥١ک/٦٧١ز)، کە نەیارێکی سەرسەختی ئومەوییەکان بوو و، شیعە و هەوادارێکی دڵسۆزی خەلیفە عەلی بوو، حوجر بە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12564]
- **Submission Date:** [11/5/2026], **Revised Date:** [19/5/2026], **Accepted Date:** [15/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ئاشتەوایی نێوان موعاویە و حەسەن قایل نەبوو و دانی بە دەسەڵاتی موعاویەدا نەدەنا، هەر بۆیە بە بێباوەڕی و دەرچوون لە فەرمانی خەلیفە و ئاژاوەچییەتی و بڵاوکردنەوەی خراپە تۆمەتبار کرا و، لە لایەن والی کوفە "زياد بن ابيه"وە بە بەندکراوی نێردرا بۆ شام بۆ لای موعاویە، بەڵام پێش گەیشتنی بەفەرمانی ناوبراو کوژرا. ( الصنعاني، ٢٠١٣م، ٢٥٩/٤؛ ابن سعد، ٢٠٠١م، ٢٧/٦؛ البلاذري، ١٩٩٦م، ٢٦٢/٥؛ الطبري، ١٩٦٧م،٣ /١٨٠-١٨١).

**٢- تیرۆرکردن و پاکتاوکردنی جەستەیی**

یەکێک لەو شێوازانەی ئومەوییەکان پەنایان بۆ بردووە ئامرازی تیرۆرکردن و پاکتاوکردنی جەستەیی نەیارەکانیان بووە، لەم میانەیەدا تیرۆکردنی هەر یەکە لە "حسين بن علي" و تیرۆرکردنی"عبدالرحمن بن ابي بكر٥٨ك/٦٨٧ز" و ژەهرخواردکردنی "عبدالرحمن بن خالد بن الوليد٤٦ك/٦٦٦ز" ، و بەقوربانیکردنی "الجعد بن درهم" لە ساڵی (١٠٥ك/ ٧٢٤ز) لەلایەن والی عێراقەوە، نموونەگەلێکی دیاری تیرۆرکردنی کەسایەتییە دژبەر و بەرهەڵستکارەکانن لە دەوڵەتی ئومەویدا. (البلاذري، ١٩٩٦م، ١٣٦/٤؛ الطبري، ١٩٩٧م، ٤٣٥/٥؛ ابن الاثير، ١٩٩٦م، ١٧٤/٣؛ حيدر السلطاني، ٢٠٢٢م ص١٠٣٢). هەروەها کوشتن و پارچەپارچەکردنی "غيلان الدمشقي ١٠٦ك/٧٢٤ز" لە لایەن خەلیفە "هشام بن عبدالملك"ەوە، چونکە نەیاری دەسەڵاتی خۆسەپێنی ئومەوییەکان بوو و باسی لە ناڕەوایی دەسەڵاتەکەیان و خواردنی ماڵ و سامانی موسڵمانانی دەکرد و هەوڵی هۆشیارکردنەوەیانی دەدا. (ابن قتيبة الدينوري، ١٩٩٢، ٤٨٤/١؛ محمد عمارة، ١٩٨٨م ص١٥٢).

**٣- کوشتن و پاکتاوکردنی نەیاران**

کاربەدەستانی ئومەوی لە زۆر وێستگە و ڕووداودا جەختیان لە ڕەوایەتیی دەسەڵاتەکەیان و ناڕەوایەتیی نەیارەکانیان کردووەتەوە، بەمەش مافی لەناوبردن و پاکتاوکردنیان بەخۆیان داوە و تەنانەت لەو بڕوایەشدا بوون لە سەر ئەم کوشتنانە خودا لێیان ناڕەنجێت، بەڵکو پاداشتیان دەداتەوە، بۆ نموونە لە وتەکانی "مسلم بن عقبة٦٣ز/٦٨٣ز" سەرکردەی ئومەوی لە کارەساتی لەناوبردن و ئەتکردن و سەرکوتکردنی دانیشتوانی مەدینە لە ساڵی(٦٣ك/٦٨٣ز) بە فەرمانی خەلیفە "يزيد بن معاوية ٦٠-٦٤ك/ ٦٨٠-٦٨٣ز"، کە بە ڕووداوی (الحرة) ناسراوە بەئاشکرا دەردەکەوێت و ئاماژەیەکی ڕوونی پێکراوە. (الطبري، ١٩٦٧م ، ٤٨٩/٥، ٤٩٨؛ ابن الاثير، ١٩٩٧م، ٢٢١/٣؛ يوسف العش، ١٩٨٥م، ص ١٧٦-١٧٧).

بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتە ستەمکار و خۆسەپێن و ناڕەواکان، کوشتن و پاکتاوکردنی جەستەیی وهزرییان وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی نەیار وبەرهەڵستکارەکانیان بەکار هێناوە و دەهێنن؛ خەلیفە و کاربەدەستانی ئومەوی بەوپەڕی توندی و ڕەقی ڕووبەڕووی خەواریجەکان دەبوونەوە کە لە نەیارە سەرسەختەکانی دەوڵەتی ئومەوی بوون و بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەواییان دژایەتیان دەکردن؛ هەربۆیە بە سەرنجدان لە ڕووداو و تۆمارە مێژووییەکان بۆمان دەردەکەوێت، خەواریجەکان لەسەر دەستی ئومەوییەکان زۆرترین پشکیان لە گرتن و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجەداندا بەرکەوتووە، بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفە موعاویە و لە ماوەی والییەتیی "زياد بن ابيه" لە عێراق؛ ناوبراو لە ڕێگەی سیاسەتی توندوتیژیی و کوشتنەوە خەواریجەکانی لاوازکردبوو، بۆنموونە لە ساڵانی (٤١-٤٥ك/٦٦١-٦٦٥ز) کاتێک هەردوو سەرکردەی خەواریج "سهم بن غالب الهجيمي" و "الخطيم-يزيد بن مالك الباهلي" لە دوو کاتی جیاوازدا و لە بەسرە ڕاپەڕینیان بەرپا کرد و لە دەسەڵاتی ئومەوی یاخبوون و پاشان بەرەو ناوچەی ئەهواز هەڵهاتن، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای زیاددا شکستیان هێنا و ناوبراو سەهمی کوشت و دواتریش تەرمەکەی هەڵواسی، هەرچی (الخطيم) چارەنووسێکی باشتری نەبوو و دووریخستەوە بۆ بەحرەین و پاشان فەرمانی کوشتنی دەرکرد. (الطبري، ١٩٦٧م، ٢٢٨/٥؛ ابن الاثير، ١٩٩٧م، ٥٢/٣؛ سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣م، ٧/ ٩٢-٩٣).

تەنانەت باس لەوە دەکرێت، زیاد بە بیانووی ئەوەی ژنانی خەواریج هاوشانی پیاوەکانیان بەشداریی پەلامارە سەربازییەکان دەکەن، دەستی لێنەدەپاراستن و هیچ و سۆز و بەزەییەکی بەرامبەر نەدەنواندن، بەڵکو سووکایەتیی بە جەستەیان دەکرد و لە پێش چاوی خەڵک پۆشاکی لێدەکردنەوە، هەتا بوێریی ئەوەیان نەبێت جارێکی تر هاوشانی پیاوەکانیان ڕاپەڕن، ئەوەبوو بەم ڕێکارە توونده لە سەرکوتکردنی خەواریجەکاندا سەرکەوتوو بوو.(المبرد، ١٩٩٧م، ١٨٠/٣-١٨١؛ ابن عبد ربه، ١٤٠٤ه ، ١٨٥/١؛ احمد عوض، ٢٠٠٥م، ص ١٤٦-١٤٧). لەکاتێکدا هیچ کام لەو سەرچاوانە ئاماژەیان بە ناوی ئەو ئافرەتانە نەداوە کە بێزێزییەکی لەو جۆرەیان بەرامبەر کراوە، بەڵام نموونەی دیکە بۆ سووکایەتیی جەستەیی و کوشتن بەئازاوە بەردەستن، هاوشێوەی کوشتنی ژنە دنیانەویستی خەواریجی "البلجاء" لە ساڵی (٥٨ یان ٦٠ك/ ٦٧٨-٦٨٠ز) لەلایەن "عبيدالله بن زياد"ەوە لە بەسرە. (المبرد، ١٩٩٧م، ١٨١/٣؛ ابو العرب، ١٩٨٤م، ص٢٨٠؛ الزمخشري، ١٣٨/٥).

هەمان سیاسەتی کوشتن و لەناوبردن لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئومەوییەوە، شیعەکانیشی گرتبووەوە، تەنانەت لە پێناوی پاراستنی پایەکانی دەوڵەتدا سڵیان لە کوشتنی کچەزای پەیامبەر(د.خ) نەدەکردەوە، لەم ڕووەوە؛ دەرچوونی "حسين بن علي٦١ك/٦٨٠ز" بەیەکەمین ڕاپەڕین لەدژی ستەم و خۆسەپێنیی ئومەوییەکان و بەپشتاوپشتکردنی دەسەڵات دادەنرێت، کوشتنیشی لە (٦١ك/٦٨٠ز)دا لە کەربەلا لەلایەن سوپای "عبيدالله بن زياد"ەوە، بە فەرماندەیی "عمر بن سعد بن ابي وقاص ٦٦ك/٦٨٥ز"، بەو پاساوەی ناوبراو لە ئایین و خەلیفەی موسڵمانان دەرچووە. (الطبري، ١٩٦٧م، ٤٣٥/٥؛ ابن الاثير، ١٩٩٧م،٣/ ١٧٤).

لە لایەکی ترەوە، بزوتنەوەی تەوابینەکان بە سەرکردایەتیی هاوەڵی پێغەمبەر(د.خ)، "سليمان بن صرد الخزاعي٥٦ك/٦٨٥ز"،

کاتێک وەک کاردانەوەی شەهیدکردنی حوسێن هاتبووە کایەوە و بە نزیکەی چوار هەزار جەنگاوەرەوە بەرەو شام لە دژی ئومەوییەکان جوڵەیان کرد، بەڵام بەزووی کەوتنە بەر زەبر و زەنگی ئومەوییەکان و بەتووندترین شێوە و بە زەبری شمشێر سەرکوت کران. (ابن سعد، ٢٠٠١م، ١٩٧/٥؛ البلاذري، ١٩٩٦م، ٣٦٣/٦؛ یولیوس ڤلهوزن ، ١٩٥٨م، ١٨٩-١٩٦؛ رضوان السید، ١٩٩٣م، ص٥٥).

شیعەکانیش لە پێشەنگی ئەو بزاڤانە بوون ڕووبەڕووی پاکتاو وکوشتوبڕی زۆر بوونەوە، باس لەوە دەکرێت والی بەسرە "سمرة بن جندب ٥٠-٥٤ک/ ٦٧٠-٦٧٣ز" لە خیلافەتی موعاویەدا، تەنها لە شاری بەسرە (٨٠٠٠)هەشت هەزار شیعە و نەیاری ئومەوییەکانی لەناوبردووە. (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ٦٠/٣؛ النویري، ١٤٢٣ هـ، ٢٠/ ٣٢٦). هەرچەندە دەکرێت زیادەڕۆیی لەم ئامارەدا هەبێت، چونکە پێناچێت شیعەکان لەو سەردەمەدا زۆرینەی دانیشتووانی بەسرە بووبن، بەڵکو هەبوونیان وەک کەمینەتەک زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە.

**٤- ڕاوەدونان و شوێنکەوتنی نەیاران**

سەرچاوەکان ئەوەیان خستووەتەڕوو، کاتێک ئومەوییەکان نەیانتوانیوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەخۆدا بەسەر خەواریجەکاندا زاڵ بن، بەوپێیەی خەواریجەکان هەمەجۆر بوون و ناوچەیەکی دیاریکراویان نەبوو، هەروەها پلانی جەنگی پارتیزانی(لێدان و هەڵهاتن)یان پیادە دەکرد، هەربۆیە دەوڵەتی ئومەوی پەنای بۆ ئامرازێکی گونجاو بۆ سەرکوتکردنیان برد، خۆی لە شوێنپێهەڵگرتن و ڕاوەدوناندا دەبینییەوە، بۆ نموونە کاتێک والی بەسرە "عبیدالله بن زیاد" سوپای ناردە سەر خەواریجەکانی نێو قەڵەمڕەویی بەسرە، هەرچەندە سوپای ئومەوی توانی هەتا ئەهواز شوێنیان بکەوێت و ڕاوەدویان بنێت، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەستنەهێنا و نزیکەی نیوەیان کوژران، دواتر والی سوپایەکی دیکەی نارد، ئەبوو ئەم سوپایە بەهۆی گرتبەری فێڵی جەنگییەوە لە گوندی ئاسک لەکاتی نوێژدا دایانبەسەریاندا و زۆرێکی لێکوشتن. (ابو حنیفة الدینوري، ١٩٦٠م، ص٢٦٩٩؛ ابن الاثیر: الکامل، ١٩٩٧م، ٣/ ١٩٦-١٩٧).

لە بەرامبەردا، هەندێکجار وەک کاردانەوە، خودی خەواریجەکان پلانی ماندووکردنی سوپای ئومەوییان دەگرتەبەر، بەوەی زوو زوو ناوچەکانیان دەگۆڕی و سوپاش ناچار بوو شوێنیان بکەوێت، وەک ئەوەی "شبیب الخارجي ٧٦-٧٧ک/٦٩٥-٦٩٦ز" پەنای بۆ بردوو سوپای حەجاجی تەواو شەکەت و شپرزە کرد. (ابن الاثیر،الکامل، ١٩٩٧م ، ٤٤٨/٣-٤٥٢؛ ابن خلدون، ١٩٨١م، ١٩٠/٣-١٩٦).

شایانی باسە، هەرسەردەم و دۆخێک جۆرێک لە گرتنەبەری ئامراز و ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی سەپاندووە، لەبەرئەوە ئەو ئامرازانەی ئومەوی لە دژی خەواریج گرتبوویە بەر بەردەوام پەرەیان پێدراوە، چونکە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، خەواریخ هێزێکی دەوڵەتی یان ڕێکخراو نەبوون، بەڵکو زیاتر پارتیزانی و دەستوەشێن بوون، هەتا کار بەوە گەیشت والی و کاربەدەستانی ئومەوی، سەرکردەکان لە کۆتاییپهێنان بە خەواریج دەستکراوە بکەن، وەک ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی حەجاج بە "المهلب بن ابي صفرة ٨-٨٢ک/٦٢٩-٧٠٢ز"دا لە کۆتاییهێنان بە خەواریج. (ابو حنیفة الدینوري، ١٩٦٠م ، ص٢٧٧-٢٧٨).

**تەوەرەی دووەم: ئامراز و ڕێگاکانی لاوازکردنی نەیاران لە سەردەمی یەکەمی عەبباسیدا(١٣٢-٢٣٢ک)**

عەبباسییەکان، لە سەرەتای گەیشتنیان بە دەسەڵات بەو پێیەی بڕوایان بە ڕەوایەتیی دەسەڵاتەکەیان و مافی خوداوەندیی لە فەرمانڕەواییدا هەبوو، ئەمەیان کردبووە پاساو هەتا هەموو ڕێگا و ئامرازێکی ڕەوا و ناڕەوا لە دژی نەیارە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیان بە دروست و پێویست بزانن و سڵ لە بەکارهێنانیان نەکەنەوە، لەم ڕووەوە و لە زۆر وێستگەدا ئومەوییەکانیان تێپەڕاندووە و توانیویانە نەیارە زۆر و جۆراوجۆرەکانیان سەرکوت بکەن. لەم ڕوانگەیەوە، لە سەردەمی یەکەمی عەبباسیدا خەلیفە و دەسەڵاتداران چەندین ڕێگا و ئامرازی جیاوازی نەرم و ڕەقیان، لە دژی بەهەڵستکار و نەیارانی دەسەڵات بەکارهێناوە، دیارترینیان خۆی لەم ئامرازانەدا دەبینێتەوە:

**یەکەم: ئامرازە نەرمەکان**

**1- پیلانگێڕیی و ژەهرخواردکردنی نەیاران**

دەسەڵاتدارانی عەبباسی هاوشێوەی ئومەوییەکان سڵیان لە کوشتنی نەیاران نەدەکردەوە، بەڵام هەندێک لە خەلیفەکان ڕێگایەکی نهێنی و سەلامەتیان هەڵدەبژارد هەتا خۆیان لە ڕکابەرە بەهێزەکانیان ڕزگار بکەن و هاوکات زۆر لەسەریان نەکەوێت، دەکرێت ژەهرخواردکردنی پێشەوای هەشتەمینی شیعە "علي بن موسی الکاظم ١٤٨-٢٠٣ک/ ٧٦٦-٨٠٨ز" ناسراو (علي الرضا) وەک نموونەیەکی بەرچاوی ئەم باسە وەربگرین، کاتێک دوای دانانی لە لایەن خەلیفە "المأمون ١٩٨-٢١٨ک/٨١٣-٨٣٣ز"ەوە بە (ولي العهد)، کە چەندین پاڵنەری ئایینی و سیاسی و کەسی و ناکۆکیی بنەماڵەیی، وێڕای پاڵنەری بەهێزی بەدەستهێانی هاوسۆزیی شیعە و عەلەوییەکان و ڕەوایەتیدانی زیاتر بەدەسەڵاتەکەی، بەڵام کاتێک پەیی بەوە برد ناوبراو پێگەی بەهێز بووە و دوورنییە ململانێی دەسەڵات بکات، هەر بۆیە خەلیفە سڵی لە لەناوبردنی نەکردەوە و بەشێوەیەکی تەواو نهێنی دەرمانخوارد کرا. (الطبري، ١٩٦٧م، ٥٦٨/٨؛ ابن الاثیر، ١٩٩٧م، ٥٠٤/٥؛ السعدي ، ٢٠٢١م، ص١١٢-١١٣؛ بەختیار عبدالله کەریم، ٢٠٢٣ز، ل٣١٦-٣٢٢).

**٢- پەیمانشکێنی و پشتگوێخستنی پاراستنی ژیان و پارێزبەندیی**

عەبباسییەکان هاوشێوەی ئومەوییەکان هەموو ڕێگا و ئامرازێکی ڕەوا و ناڕەوایان لە دژی نەیارەکانیان دەگرتەبەر، لەوانە پەیمانشکێنی و پاشگەزبوونەوە لە داڵدەدان، بۆ ئەم کارەشیان پشتیان بە فەتوای زانایانی دەربار بەستبوو، بۆ نموونە دامەزرێنەری دەوڵەتی عەبباسی "ابو العباس السفاح ١٣٢- ١٣٦ک/٧٤٩-٧٥٤ز"

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12564]
- **Submission Date:** [11/5/2026], **Revised Date:** [19/5/2026], **Accepted Date:** [15/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

دوای ئەوای پەنا و پەیمانی پاراستنی سەرکردەی ئومەوی "یزید بن عمر بن هبیرة ١٣٢ک/٧٥٠ز" دا، کاتێک لە قەڵای شاری (واسط) لە ساڵی (١٣٢ک/٧٥٠ک)دا خۆی قایم کردبوو، دواتر لە پەنادانەکەی پەشیمان بوویەوە و فەرمانی بە (ابو جعفر المنصور ١٥٨ک/٧٧٥ز) برای کرد لەناوی ببات. (ابن کثیر، ١٩٩٧م، ٢٨٠/١٠؛ صلاح کانبي اسماعیل و کامل اسود قادر، ص٧٧٩)، هەروەها کوشتنی زیاتر لە هەشتا کەس لە ئومەوییەکان لەسەر ڕووباری (ابي فطرس) لەلایەن "عبدالله بن علي ٩٥-١٤٧ک/٧١٤-٧٦٤ز" لە ساڵی (١٣٢ک/٧٥٠ز)دا. (الطبري، ١٩٦٧م، ٤٤٣/٧). لەلایەکی ترەوە کوشتنی "یحیی بن عبدالله بن الحسن١٧٦ک/٧٩٢ز" دوای ئەوەی لە ڕووداوی فەخ لە مەککە ساڵی( ١٦٩ک/ ٧٨٦ز)، ڕزگاری بوو، هەڵهات هەتا خۆی و لایەنگرانی گەیشتنە دەیلەم، دواتر خەلیفە "هارون الرشید" بەدەستی خۆی پارێزبەندیی بۆ نووسی، کاتێک گەیشتە بەغداد هەرچەندە پێشوازیی لێکرا و ڕێزی لێگیرا، بەڵام خەلیفە ڕەشید دەستگیری کرد و لە ئاوەڕۆدا بەندیکرد هەتا مردنی لە ساڵی(١٨٠ک/٧٩٦ز). (المطیري، ٢٠٢٢م، ص٩٣).

### ٣- بەگژێیەکداکردنی نەیاران

خەلیفە "ابو العباس السفاح" هەر لە سەرەتاوە کەوتە پاکتاوی نەیارە سیاسییەکان و بە کوشتنی وەزیرەکەی "ابو سلمة الخلال" دەستی پێکرد، هەرچەندە ناوبراو کۆڵەکەیەکی بەهێزی سەرخستنی بانگەوازی عەبباسییەکان بوو، بەڵام بە تۆمەتی هەوڵدانی بۆ گواستنەوەی دەسەڵات لە بنەماڵەی عەبباسەوە بۆ عەلەوییەکان، لە ڕێگەی ئەبو موسلیمی خۆراسانییەوە لە ساڵی (١٣٢ک/٧٥٠ز)دا لەناوبرا، وا بڵاوکرایەوە کە خەواریج کوشتویەتی.(البلاذري، ١٩٩٦، ٤/ ٢٠٣-٢٠٤؛ الطبري، ١٩٦٧م، ٤٤٩/٧). هەروەها خەلیفە "ابوجعفر المنصور" خەسڵەتەکانی بوێری و هیمەتبەرزی و فێڵ و زیرەکی پێکەوە کۆکردبووەوە، کاریدەکرد و سووربوو لەسەر پێکدادانی نەیاران، هەتا لەو ڕێگەیەوە گۆڕەپانەکە بۆ خۆی چۆڵبێت. هەروەک بەوەش ناسرابوو بەتووندیی لەدژی نەیارانەکانی دەسەڵات دەوەستێتەوە، لە ڕوانگەی مافی ڕەوایەتیی دەسەڵاتی عەبباسییەکانەوە، ئامادەبوو هەر کەسێک ململانێی بکات و کۆسپ دروست بکات بیکوژێت، چونکە خۆی بە نوێنەر و سێبەری خودا لەسەر زەوی وێنا دەکرد، ئەمەشی لە وتارێکدا بەڕوونی دەرکاندووە. (الطبري، ١٩٦٧م ، ٩٤/٨؛ مسکویە، ٢٠٠٢م، ٤٦٠/٣).
شایانی باسە، ناوبراو لە براکەی نەرمتر نەبوو لە پاکتاوکردنی پیاوانی دەوڵەت یان ئەو کەسایەتییانەی ڕۆڵێکی سەرەکیان لە دامەزراندنی خیلافەتی عەبباسیدا هەبوو، لەم ڕووەوە کوشتنی "عبدالله بن علي" مامی باشترین نموونەیە، کاتێک ناوبراو دوای سەفاح خیلافەتی بە مافی خۆی دەزانی، ئەمە وایکرد ئەبوجەعفەری برازای ڕاوێژ بە نەیارێکی تری دەسەڵات کە " ابو مسلم الخراساني ١٠٠-١٣٧ک/٧١٨-٧٥٥ز" بوو بکات و هەوڵی لەناوبردنی مامی بدات، ئەوەبوو پیلانەکەی سەریگرت و دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت، عەبدوڵڵا بۆ بەسرە پاشەکشەی کرد و پەنای بردە بەر سلێمانی برای، دواتر خەلیفە پارێزبەندیی پێبەخشی، بەڵام لە ساڵی (١٣٩ک) دەستگیریکرد و بە بەندکراوی مایەوە هەتا لە (١٤٧ک/٧٦٤ز)دا بە نهێنی لە لایەن خەلیفە "المنصور"ەوە لەناوبرا. (ابن کثیر، ١٩٩٧م، ٢٦٧/١٠؛ طقوش، ٢٠٠٩م ، ص ٤٨-٤٩).

هەر لەم ڕووەوە، کوشتنی "ابو مسلم الخراساني" لە ساڵی (١٣٧ک/٧٥٥ز) دەچێتە چوارچێوە و بازنەی هەمان سیاسەتەوە، کاتێک دوای سەرکەوتنی بەسەر عەبدوڵڵادا پلە و پایەی زیاتر بەرزبووەوە و حسابی بۆ خەلیفە نەدەکرد، هەربۆیە کاتێک خەلیفە پەیی بە نیازەکانی دەبات بە تۆمەتی تێوەگلانی لە پیلانگێریی لە دژی دەسەڵات و هەوڵی جوداخوازیی، دوای ئەوەی بە فێڵ بانگی کۆشکی خەلیفەی کرد و کوشتی. (ابن الاثیر، ١٩٩٧م، ٦١/٥-٦٢؛ ابن خلدون، ١٩٨١م، ٢٣١/٣).

بەم شێوەیە، سزا و لێدان لە نەریاران هیچ چین و توێژێکی نەبواردووە، تەنانەت بنەماڵەی دەسەڵاتداریشی گرتووەتەوە، لەم ڕووەوە کوشتنی "عبدالله بن علي"، وێڕای بەندکردنی "العباس بن المأمون ٢٢٣ک/٨٣٨ز" برازای خەلیفە "المعتصم بالله ٢١٨-٢٢٧ک/٨٣٣-٨٤٢ز"، هەتا لە بەندیخانەدا مرد، چونکە ناوبراو بەربەرەکانێی خەلیفە "المعتصم بالله" دەکرد و دەیویست شوێنی بگرێتەوە و پیلانگێریی لە دژی بەرپا کردبوو؛ لە لایەکی ترەوە عەلەوییەکان، چ بە ئاشکرا دژایەتیی دەسەڵاتیان کرد بێت یان دەستبەرداری سیاسەت بووبن، بەهۆی بەهێزی و کاریگەریی پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتییانەوە، ڕووبەڕووی سزای سەختی عەبباسییەکان بوونەتەوە، لەوانە: "محمد بن عبدالله بن الحسن بن علي" ناسراو بە (نفس الزکیة) لە مەدینە و ئیبراهیمی برای لە بەسرە، سەرچاوەی مەترسییەکی نوێ و گەورە بوون بۆ دەسەڵاتی عەبباسی، لە ساڵی (١٤٥ک/٧٦٣ز) لە لایەن سوپای خەلیفە مەنسوورەوە کوژران. (ابن خیاط، ١٣٩٧ه، ص٣٢١؛ الطبري، ١٩٩٧م، ٧/ ٥٦٠، ٧/٨ ؛ طقوش، ٢٠٠٩م، ص ٥٨-٦٠).

### ٤- سزادانی بەکۆمەڵ

هەندێکجار لەلایەن خەلیفە و کاربەدەستانی عەبباسییەوە تەواوی شارێک پێکەوە و بەکۆمەڵ سزا دراون، لەم ڕووەوە کاتێک دانیشتوانی شاری(حمص) لە شارم لە ساڵی(١٩٤ک/٨٠٩ز) لە والییەکەیان یاخیبوون، لەلایەن سوپای عەبباسییەوە ژمارەیەکیان لێ کوژرا و هەندێکیشیان لێ بەندکرا، هەروەها هۆزەکانیش لە سزادانی بەکۆمەڵ بەدەرنەبوون، ئەمەش ئەو کاتانەی پابەندی دەسەڵات نەدەبوون و یاخی دەبوون، لەوانە: هۆزەکانی "قەیسی و یەمانی" لە ساڵی (٢١٤ک/٨٢٩ز)دا، هەروەها "بنو سلیم" لە ساڵی (٢٣٠ک/٨٤٤ز)دا، بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی سزای بەکۆمەڵی دەسەڵاتدارانی عەبباسی بوونەوە. ( ابن کثیر، ١٩٩٧م، ٥١٢/١٠؛ الطبري، ١٩٦٧م، ١٢٩/٩؛ ناهضة مطیر حسن، ٢٠١١ م، ص٢٦٣-٢٦٥).

**دووەم: ئامرازە ڕەق و توندەکان**

**١-کوشتن و سووتاندن**

لە سەردەمی یەکەمی عەبباسیدا بەکارهێنانی ئاگر و سووتاندن وەک ئامرازێک بۆ لەناوبردنی نەیاران و بەرهەڵستکاران بەکارهێنراوە، هەرچەندە لەچاو ئامرازەکانی تری سزاداندا کەمتر بەربڵاوبووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەم ڕووەوە چەندین نموونەمان هەیە دیارترینیان خۆی لە کوشتن و سووتاندنی "ابن المقفع ١٤٥ک/٧٦٢ز" دا دەبینێتەوە، هەرچەندە تۆمەتی لادان و هەڵگەڕانەوە لە ئایین و زەندیقەی درابووە پاڵ، بەڵام کوشتنەکەی زیاتر زادەی مۆرکێکی نەیارییەتیی سیاسی لەخۆگرتووە. (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ٨/٥٧؛ سبط ابن الجوزي، ١٩٦٧م، ١٢/١٦٦؛ الصفدي، ٢٠٠٠م، ١٧/٣٤١).

**٢- سەربڕین و پارچەپارچەکردن**

یەکێکی دیکە لەو ڕێگایانەی عەبباسییەکان لەدژی نەیارەکانیان گرتیانەبەر، شێوازێکی توند و دڵڕەقانەبوو و لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا لە لێبوردەیی و مافی مرۆڤدا یەکی نەدەگرتەوە، خۆی لە سزادان بە سەربڕین و بڕینەوە و پارچەکردنی لەشی نەیارەکانیان بووە هەر بەزیندوویەتی، لەم ڕووەوە چەندین نموونە هەن، دەکرێت ئاماژە بە "ابو محمد بن عبدالله بن يزيد بن معاوية" بدەین، کاتێک ناوبراو وەک کاربەدەستێکی ئومەوی بەربەرەکانیی دەسەڵاتی عەبباسییەکانی دەکرد و وەک مافێکی بنەماڵەیی داوای خیلافەتی دەکرد، ئەوەبوو یەکەمین خەلیفەی عەبباسی زۆر بەتووندی بەرەنگاری بووەوە هەتا لە ساڵی(١٣٢ک/٧٥٠ز)دا کوژرا و سەری نێردراو بۆ "ابو العباس السفاح". (ابن الجوزي، ١٩٩٢م، ٧/٣١٠؛ ابن كثير، ١٩٩٧م، ١٠/٢٧٧-٢٧٨). هەروەها نموونەیەکی تر خۆی لە پارچە پارچەکردن و سووتاندنی "ابن المقفع"دا دەبینێتەوە، کاتێک لە تووندردا سوتێنرا. (عبداللطيف حمزة، د.ت، ص ٢١٨-٢٢٨). لە لایەکی ترەوە، سزادانی "بشير بن الليث" لە ساڵی(١٩٣ک/٨٠٨ز)دا لەلایەن خەلیفە ڕەشیدەوە، فەرمانی بە پارچە پارچەکردنی و کرد کرا بە چوارده بەشەوە. (الطبري، ١٩٦٧، ٨/ ٣٤٢؛ ابن كثير، ١٩٩٧م، ١٠/٤٩٧).

**٣-گرتن و کوشتن و ڕاوەدونان**

وێڕای ئەو ئامرازانەی پێشوو، عەبباسییەکان لە پەنابردنەبەر شێوازگەلێکی دیکە بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی نەیارەکانیان درێغیان نەکرد، لەم ڕووەوە باس لەوە دەکرێت، کوشتنی "ابو موسلم الخراساني" لە لایەن "ابوجعفر المنصور"ەوە، بوو بە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی چەندین یاخیبوون و ڕاپەڕین لە ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی خیلافەت، کە زیاتر بەرتەکدانەوە و پەرچەکردار بوون و هەڵگری مۆرکێکی عەجەمی و نائیسلامی بوون و بانگەوازیان بۆ یەکسانی و دژایەتیی عەرەب و دەسەڵات دەکرد، هەروەک هەڵگری کۆمەڵێک بیروباوەڕی کۆنی ئێرانی و بۆچوونگەلی نوێ و نامۆ بوون، ئەمەش دەرفەتیدا بە دەسەڵات هەتا هیچ نەرمییەک بەرامبەریان نەنوێنێت و بەوپەڕی هێز و تواناوە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، یەکێک لەوانە، یاخیبوونەکەی "بابک الخورمي ٢٠٠-٢٢٢ک/٨١٥-٨٢٨ز" بوو، بەوپێیەی بزاڤەکەی ناوبراو مەترسییەکی تەواوی بۆ خیلافەتی عەبباسی دروست کردبوو و نەیارێکی سەرسەختی دەسەڵاتیش بوو، هەتا دوای چەندین هەوڵ و لەسەردەمی خەلیفە موعتەسەمدا پاش کوشتاری شوێنکەوتووانی توانرا بەدیل بگیرێت و بە کۆت و بەندکراوی نێردرا بۆ خەلیفە، ئەویش بە سەربڕاندن سزای دا؛ سەری نێردرا بۆ خۆراسان و لەشی لە سامەڕا هەڵواسرا، عەبدوڵلای براشی لە بەغداد لە سێدارە درا. (الجعفري، ٢٠١٠م، ص ٣٠٤-٣١٢). تەنانەت سیاسەتی تووندوتیژ و زەبروزەنگی دەسەڵاتداران زۆرێک لە عەلەوییەکانی ناچار بە کۆچکردن و خۆحەشاردان کردبوو، لەوانە "ادريس بن عبدالله بن الحسن" بەرەو مەغریبی دوور هەڵهات، دوای شکستی شۆڕشی شیعەکان لە جەنگی(فخ ١٦٩ک/٧٨٦ز)دا هەرچەندە ئەم هەڵهاتنەی بووە هۆی دامەزراندنی میرنشینی ئەدارێسە، بەڵام ناوبراو لە ساڵی (١٧٧ک/٧٩٣ز) بەهۆی ژەهرخوارد کردنەوە لە سەردەمی خەلیفە "هارون الرشيد" تیرۆرکرا. (الرازي، ١٩٩٥م، ص١١١؛ ابن عذاري، ١٩٨٣م، ١/٢١٠؛ سعدون عباس نصرالله، ١٩٨٧م، ص٨٠-٨٣).

**6.ئەنجامەکان**

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە ئاکامی توێژینەوەکەماندا پێگەیشتین بریتیین لەمانە:

١-پشێلکردنی بەها و ئاکارە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، لەپێناوی بەرژەوەندییە سیاسییەکاندا: چونکە، لە ڕوانگەی هەر یەک لە ئومەوی و عەبباسییەکانەوە، پاراستنی دەسەڵات؛ ئەرکێکی ئایینی و مافێکی خودایی بووە، ئەمەش وایکردووە، پەنابردنە بەر هەر ئامراز و ڕێگایەکی ڕەوا و ناڕەوا لە دژی نەیارەکانیان بەلایانەوە ئاسایی بێت.

٢-بەئایینیکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان: دەسەڵات، چەمک و دەقە ئایینییەکانی بۆ بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی بەگەڕخستووە، بەجۆرێک نەیارە سیاسییەکانی بە دەرچوو لە ئایین و لادەر ناوزەد کردووە، هەتا سەرکوتکردنیان لە ڕووی جەماوەرییەوە پاساوی شەرعی هەبێت .

٣- دەسەڵاتداران بەشێوەیەکی بەرفراوان کاریان لەسەر جەنگ و ترسی دەروونی کردووە: بەوەی پەیڕەوییان لە ستراتیژێکی نوێی توندوتیژی کردووە کە تەنیا کوشتنی نەیاران نەبووە، بەڵکو لە ڕێگەی شێواندنی جەستەیی و سوکایەتیکردن بە تەرمەکان، پەیامێکی توند و توقێنەریان بۆ تێکڕای کۆمەڵگە دەنارد هەتا ڕێگری لە هەر یاخیبوونێک بکەن .

٤-پەرتەوازەکردنی یەکریزیی نەیاران(ستراتیژی پەرتکە وزاڵبە): ئومەوییەکان و عەبباسییەکانیش، لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن و

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12564]
- **Submission Date:** [11/5/2026], **Revised Date:** [19/5/2026], **Accepted Date:** [15/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

پەرتکردنی نەیارەکاندا هەتا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون، چونکە سیاسەتی شەڕی ناوخۆیی و هاندانی هۆزەکان و کەسایەتییە نەیارەکانیان، لە دژی یەکتری پەیڕەو دەکرد، ئەمەش وایکردووە بەرەی دژبەر ماندوو و پەرتەوازە بێت.

٥-هەڵوەشاندنەوەی پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان: کاتێک هەردوو دەوڵەت بۆ لاوازکردنی نەیاران، هەموو ئەو نەریتە کۆمەڵایەتی و ئیسلامی و عەرەبییانەی پێشێل دەکرد، کە پەیوەست بوون بە دڵدەدان و پەنادان و پاراستنی لاواز و هەڵهاتوو و مانەوە لەسەر پەیمان و بەڵێن، ئەمەش بێمتمانەیی و لێکەوتەی خراپی لە نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیاندا، هێناوەتە ئاراوە.

**پەراوێزەکان:**

١- واتە: (ئەوانەی کە پەیمانت لەگەڵ بەستن، لەپاشان هەموو جاران پەیمانیان هەڵدەوەشێنن و هیچ ترسی خودایان نییە). قورئانی پیرۆز، ٢٠١٠ز، و.هەژار، چ٢، انتشارات احسان، ل ١٨٤).

**7.سەرچاوەکان**

**قورئانی پیرۆز**

**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

**أ-سەرچاوە ڕەسەنەکان**


1. ابن الاثير، علي بن أبي الكرم محمد بن محمد(ت ٦٣٠هـ)، ١٩٩٧م، الكامل في التاريخ، تح: عمر عبد السلام تدمري، ط٢، بيروت: دار الكتاب العربي.
2. ابن بكار، الزبير بن بكار بن عبد الله(ت ٢٥٦ هـ)، ١٩٩٦م، الأخبار الموفقيات، تح. سامي مكي العاني، ط٢، بيروت: عالم الكتب.
3. البلاذري، احمد بن يحيى بن جابر(ت٢٧٩ هـ)، ١٩٩٦م.، انساب الاشراف، تح.سهيل زكار و رياض زركلي، ط١، بيروت: دار الفكر.
4. ابن الجوزي، عبد الرحمن بن علي بن محمد(ت ٥٩٧هـ)، ١٩٩٢م، المنتظم في تاريخ الملوك والامم، تح. محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، بيروت: دار الكتب العلمية.
5. الجاحظ، عمرو بن بحر أبو عثمان(ت ٢٥٥هـ)، ١٤٢٣م، البيان والتبين، دار ومكتبة الهلال، بيروت، البيان .
6. جرير بن عطية الخطفي (ت ١١٠هـ)، ديوان جرير، تح: نعمان محمد، ط٣، القاهرة: دار المعارف.
7. أبو حنيفة الدينوري، أحمد بن داود(ت ٢٨٢هـ)، ١٩٦٠م، الأخبار الطوال، تح. عبدالمنعم عامر، ط١، مصر: وزارة الثقافة والارشاد الثقافي.
8. ابن خلدون، عبد الرحمن بن بن خلدون(٨٠٨هـ)، ١٩٨١م ، العبر و ديوان المبتدأ والخبر، تح. سهيل زكار، ط١، بيروت: دار الفكر.
9. ابن خلكان، أحمد بن محمد بن إبراهيم بن أبي بكر(ت ٦٨١هـ)، ١٩٠٠م، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تح. احسان عباس، بيروت: دار صادر.
10. ابن خياط، خليفة بن خليفة الشيباني العصفري البصري(ت ٢٤٠هـ)، ١٣٩٧ هـ ، تاريخ خليفة بن خياط، تح: أكرم ضياء العمري، ط٢، دمشق: دار القلم، مؤسسة الرسالة.
11. الرازي، أحمد بن سهل(ت القرن٤ هـ)، ١٩٨٥م، أخبار فخ وخبر يحيي بن عبد الله وأخيه إدريس بن عبدالله، تح: د ماهر جرار، ط١، بيروت: دار الغرب الإسلامي.
12. سبط ابن الجوزي، يوسف بن قِزْ أُوغلي (ت٦٥٤ هـ)، ٢٠١٣م، مرآة الزمان في تواريخ الأعيان ،تح: محمد رضوان عرقسوسي و عمار ريحاوي، ط١، دمشق: دار الرسالة العالمية.
13. الصفدي، خليل بن أيبك بن عبد الله(ت ٧٦٤هـ)، ٢٠٠٠م، الوافي بالوافيات، تح: احمد ارناؤوط و تركي مصطفى، بيروت: دار احياء التراث.
14. الطبري، ابوجعفر محمد بن جرير(ت٣١٠ هـ)،١٩٦٠م، تاريخ الرسل والملوك، تح: محمد ابو الفضل ابراهيم، ط٢، القاهرة: دار المعارف ، ٤٣٥/٥.
15. ابو العرب، محمد بن احمد التميمي (ت ٣٣٣هـ)، ١٩٨٤م، المحن، تح: عمر سليمان العقيلي، ط١، دار العلوم: الرياض.
16. ابن عبد ربه الاندلسي، ابو عمر شهاب الدين احمد بن محمد بن عبد ربه ابن حبيب (ت ٣٢٨هـ)، ١٤٠٤ه ، العقد الفريد، بيروت: دار الكتب العلمية.
17. ابن عذاري، محمد بن محمد (ت نحو ٦٩٥هـ)، ١٩٨٣م، البيان المغرب في أخبار الأندلس والمغرب، تح: ج. س. كولان، إ. ليفي بروفنسال، ط٣، بيروت: دار الثقافة.
18. ابن عساكر، علي بن الحسن ابن هبة الله ( ٥٧١ هـ)، ١٩٩٥م، تاريخ مدينة دمشق، تح: محب الدين ابو سعيد، دار الفكر للطباعة والتوزيع والنشر.
19. ابن قتيبة الدينوري، عبدالله بن مسلم(ت٢٧٦ هـ) ، ١٤٢٣م، الشعر والشعراء، القاهرة: دار الحديث.
20. ابن قتيبة الدينوري ، ١٤١٨ هـ، عيون الأخبار، د.ط، بيروت: دار الكتب العلمية.
21. ابن قتيبة الدينوري، ١٩٩٢م، المعارف، تح: ثروت عكاشة، ط٢، الهيئة المصرية العامة: القاهرة.
22. ابن كثير، عماد الدين، أبو الفداء، إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي ( ٧٧٤ هـ)، ٢٠١٣م، البداية والنهاية، تح: مأمون محمد سعيد صاغرجي، ط٣، دمشق – بيروت: دار ابن كثير.

23. مسكويه، أبو علي أحمد بن محمد بن يعقوب (ت ٤٢١هـ) ، ٢٠٠٢م، تجارب الامم، تح: ابوالقاسم امامي، ط١، تهران: دار سروش للطباعة والنشر.
24. النويري، احمد بن عبد الوهاب(ت ٧٣٣هـ)، ١٤٢٣ه، نهاية الارب في فنون الادب، ط١، القاهرة: دار الكتب والوثائق القومية.

**ب-ژێدەرەكان**

25. سعدون عباس نصرالله، ١٩٨٧م، الدولة الاداريسة في المغرب/العصر الذهبي ١٧٢-٢٢٣ه/ ٧٨٨-٨٣٥م، ط١، بيروت: دارالنهضة العربية
26. السيد، رضوان ، ١٩٩٣م، مفاهم جماعات في الاسلام، ط١، بيروت: دار المنتخب العربي.
27. أبو الشباب، أحمد عوض، ٢٠٠٥م، الخوارج (تاريخهم، فرقهم، وعقائدهم)، ط١، بيروت: دارالكتب العلمية.
28. طقوش، محمد سهيل، ٢٠٠٩م، تاريخ الدولة العباسية، ط٧، بيروت: دار النفائس.
29. طهبوب، صلاح ، ٢٠٠٢٤م، موسوعة التاريخ الاسلامي/ العصر الاموي، د.ط، عمان : دار اسامة للنشر.
30. عبداللطيف حمزة، ١٩٦٥م، ابن المقفع، ط٣، دار الفكر العربي.
31. العش، يوسف ، ١٩٨٥م، الدولة الأموية، ط٢، دمشق: دار الفكر.
32. عمارة، محمد ، ١٩٨٨م، المعتزلة ومشكلة الحرية الانسانية، القاهرة: دار الشروق.
33. ڤلهوزن، يوليوس،١٩٩٣م، احزاب المعارضة السياسية الدينية في صدر الاسلام، تر. عبدالرحمن بدوي، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية.

**دووەم: نامە و تێزە زانستییەكان**

34. الجعفري، سامي محمد يوسف، ٢٠١٠م، التنافس على السلطة في العصر العباسي الاول(١٣٢-٢٣٢ه/٧٤٩-٨٤٩م)، اطروحة مقدمة الى جامعة سانت كليمنتس وهي جزء من متطلبات نيل درجة الدكتوراه في فلسفة التاريخ الاسلامي، قسم التاريخ.
35. السعدي، عبدالعزيز بن عبدالله بن راشد، ٢٠٢١م، حركات المعارضة ضد الدولة العباسية في العراق زمن الخليفة المأمون(١٩٨-٢١٨ه/٨١٣-٨٣٣م)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى قسم التاريخ، كلية الاداب والعلوم الاجتماعية، جامعة السلطان بن قابوس، سلطنة عمان.
36. صلاح كانبي اسماعيل، ٢٠٠٨م، التعذيب في العصرين الأموي و العصر العباسي الاول ٤١-٢٣٢ه/ ٦٦١-٨٤٦م، اطروحة مقدمة الى قسم التاريخ، كلية العلوم الانسانية، وهي جزء من متطلبات نيل درجة الدكتوراه في فلسفة التاريخ الاسلامي، جامعة السليمانية، حكومة اقليم كردستان/العراق.

**سێیەم: گۆڤارە زانستییەكان**

37. بەختیار عبداللە كەریم ،(٢٠٢٣ز)، پرسی دانانی عەلی رەزا بەجێنشین لەنێوان سیاسەت و باوەڕەدا(٢٠١-٢٠٣ك/٨١٧-٨١٠ز)، گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان/زانكۆی هەولێر، بەرگی(٢٧)، ژمارە(٢).
38. السلطاني، حيدر عامر هاشم، ٢٠٢٢م، اساليب الدولة الاموية في مواجهة الخوارج، مجلة التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية، جامعة القاسم الخضراء، العدد ٥٦، الجلد ١٤.
39. صلاح كانبي اسماعيل و كامل اسود قادر، نظرة الخلفاء العباسيين لسلطة الخلافة ووسائلهم في الحفاظ عليها ١٣٢-٢٣٢ه/٧٥٠-٨٤٧م، ملحق الجامعة العراقية.
40. المطيري، راكان ذعار، ٢٠٢٢م، السلطة والفتوى في العصر العباسي الاول ١٣٢-٢٣٢ه/٧٥٠-٨٤٧م، حوليات آداب عين شمس، المجلد ٥٠، العدد ابريل-يونيو.
41. ناهضة مطير حسن، ٢٠١١م، السلطة العباسية والمعارضة (١٣٢-٢٤٧ه/٧٤٩-٨٦١م)، المؤتمر العلمي الرابع لكلية التربية/ جامعة واسط، محور الثاني، بالعلم والمعرفة نبني العراق الجديد.



**ملخص البحث**

إن هذه الدراسة المعونة بـ" **آليات وأساليب إضعاف المعارضين في عهد الدولتين الأموية والعباسية (٤١-٢٣٢هـ / ٦٦١-٨٤٧م)"** تطرقت إلى تحليل الآليات والوسائل المتنوعة وبحثهما اللتين استخدمتها السلطات الأموية والعباسية وذلك إبان فترة حكمهما لمواجهة التيارات السياسية والدينية المعارضة وإضعافهما، مثل الخوارج والشيعة والعلويين، فضلاً عن الشخصيات المعارضة للسلطة. وتكشف الدراسة أيضا كيف أن هاتين الدولتين، وبسبب طبيعة تولي السلطة وإشكالية الشرعية، لجأتا إلى مجموعة من الاساليب "الناعمة" و"الخشنة" التي تعارضت في كثير من الأحيان مع المبادئ الإسلامية .

يتناول المحور الأول الأدوات الناعمة التي تجلّت في توظيف الدعاية الدينية، والشعر السياسي، والخطاب الوعظي، إلى جانب استغلال منابر المساجد، والطعن في شخصيات الخصوم؛ بهدف تشوير وتشويه صورتهم وعزلهم عن محيطهم الاجتماعي. كما شكّلت سياسة "فرّق تسد" و"نقض العهود الاجتماعية"، كالتراجع عن منح الأمان، ركيزة أساسية في إضعاف تماسك قوى المعارضة.

أما المحور الثاني، فيركّز على الأدوات الخشنة التي تمثّلت في الاعتقال والتعذيب والاغتيال السياسي والتصفية الجسدية، وصولاً إلى



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12564]
- **Submission Date:** [11/5/2026], **Revised Date:** [19/5/2026], **Accepted Date:** [15/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

فرض العقاب الجماعي على المدن والقبائل، والتمثيل بالجثث بغرض بثّ الرعب في نفوس المجتمع. وفي العصر العباسي، شهدت هذه الأساليب مزيداً من التطوير، مع استحداث وسائل جديدة مثل التسميم السري وإحراق المعارضين.

وتُظهر نتائج الدراسة أن كلا الدولتين قدّمتا المصالح السياسية على القيم الأخلاقية، واعتمدتا تديين الصراع السياسي ذريعةً لقمع الأصوات المعارضة، مما أسهم في تعميق الفجوة بين السلطة والمجتمع.

**الكلمات المفاتحية:** الخلافة الاسلامية، الشرعية السياسية، المعارضة السياسية، الدعادية الدينية، التصفية الجسدية

## Abstruct

This study, entitled "**Mechanisms and Methods of Weakening Opponents during the Umayyad and Abbasid Caliphates (41-232 AH / 661-847 CE)**" analyzes the various mechanisms and methods employed by the Umayyad and Abbasid authorities during their reigns to confront and weaken opposing political and religious movements, such as the Kharijites, Shiites, and Alawites, as well as individuals opposed to the ruling power. The study also reveals how these two states, due to the nature of their accession to power and the issue of legitimacy, resorted to a range of "soft" and "hard" tools that often-contradicted Islamic principles.

The first section examines the soft tools, which manifested in the use of religious propaganda, political poetry, and sermons, along with the exploitation of mosque pulpits and character assassinations of opponents, all aimed at discrediting and isolating them from their social environment. The "divide and rule" policy and the breaking of social covenants, such as reneging on guarantees of safety, formed a cornerstone in weakening the cohesion of opposition forces.

The second axis focuses on the harsh tools employed, including arrest, torture, political assassination, and physical liquidation, culminating in the imposition of collective punishment on cities and tribes, and the mutilation of corpses to instill terror in society. During the Abbasid era, these methods underwent further development, with the introduction of new tactics such as clandestine poisoning and the burning of opponents.

The study's findings demonstrate that both states prioritized political interests over moral values and used the religious justification of political conflict as a pretext for suppressing dissenting voices, thus contributing to a widening gap between the ruling power and society.

**Keywords**:Islamic Caliphate, political legitimacy, political opposition, religious propaganda, physical liquidation